لە بەدواداچوونی کێشەی (شە یما)دا

ـ شــە یمــا : نەجلا خان باسی مام جەلالی نەکرد، بەڵام وتی مام جەلال یارمەتیتان دەدات بۆ ئەوەی کێشەکەتان زوو چارەسەر بکرێت.

ـ روناك فەرەج : من دەڵێم ڕفاندنی (شەیما) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بووە.

ـ فریاد هیرانی : ئەوەی (ئەمڕۆ) بڵاوی کردۆتەوە لەوڵاتانی پێشکەوتودا کارێکی ئاسایی‌و یاسایی‌یە ئێمەش نەواتی کۆمەڵێ مەدەنین.

کێشەی (شە یما) گەورە بوو، ناوەنــدە بەرپرســەکان کەوتنــە لێکۆڵینــەوە، بــەردەوام پرســیارو گومــان هەیــە، (زادگــە)و (ئــەمڕۆ) تەئکیــد لــەوە دەکەنەوە کە (شە یما) ڕاستەوخۆ، یــان ناڕاســتەوخۆ ڕفێنــراوە. (ســەنتەری ڕوونــاکبیری ژنــان) لێــدوانێکیان لــە (شە یما) وەرگرت‌و لە سایتی (کوردستان نێــت)دا بڵاویــان کــردەوە، کــە لــەو لێدوانەدا (شە یما) دەڵێت: "نەرفێنراموو خۆم هــاتووم". بنەماڵــەی (شــە یما)ش تەئکید لەوە دەکەنــەوە کــە کچــەکەیان بەناوی ئەوەی دەیبەنە لای (مام جەلال) بە فێڵ‌و بیانوو ڕفێنراوە. لە وەڵام بــەم پرسیارو گومانانە بە پێویستمان زانی ئەم بەدواداچوونە ساز بکەین:

شــەیما خــان، لــەدوای ئــەوەی لــە ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) ڕیپۆرتــاژێکی لەسەر کێشەکەی تۆ بڵاوکردەوە، کە تــۆ لەوێــدا باسی ئەوە دەکەی کە لەلایەن بەرپرسانی دەربەندیخانەوە تەحەرووش بە تۆ کراوە، وە ناچار کراون بەرەو شاری بەغدا بــڕۆن، دوای ماوەیــەك لــە بڵاوبوونــەوەی ڕیپۆرتاژەکەی (ئەمڕۆ) ڕۆژنامەی ناوبراو لە بەیانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاگاداری هــەموو لایەکی کرد کە (شەیما خان) لــە بەغــدا ڕفێنــراوە، دوای یــەك دوو ڕۆژ تــۆ لــە سەنتەری ڕاگەیانــدن‌و ڕونــاکبیری ژنــان لێــدوانێکت لــە (کوردســتان نێــت)دا بڵاوکــردەوە کــە تــۆ نــە ڕفێنــراوی‌و بــە خواســتی خــۆت هاتویتــە ســەنتەری ڕاگەیاندن. ئەکرێت بۆمان باسکەی کە تۆ چۆن لە بەغداوە بۆ کوردستان گەڕایتەوە، وە بەتایبەتیش بۆ دەربەندیخان.

شــەیما: ئــەزانی چــۆن، مــن خــۆم بــە ئارەزووی خۆم هاتمەوە بۆ کوردستان، ڕاستە من سێ کەس هێناومیان بەڵام ئەگــەر ئــەو سێ کەسەش نەبوایە من هەر دەهاتمەوە بۆ کوردستان، وە من لەگەڵ ئــەو ســێ کەســە هاتم ئــەو ســێ کەســەش نــاوم هێنــاون لــە ڕۆژنامەکان، وە زیاتر نەجلا خانو سەمیر.

: شەیما خان با پرسیارێکی کــەت لێ بکەم، هەموو خێزانەکەی تۆ تەئکید لــەوە دەکەنەوە کە نــەجلاو ســەمیر لــە شــاری بەغداد بە تۆیــان ووتــوە کــە ڕۆژنامــەی (ئەمڕۆ) هــەموویان گــیراون‌و کۆمیتــەش هیچی پێ ناکرێت وە بۆ چارەســەرکردنی کێشەکەشت تۆ دەبەنە لای مام جەلال؟

شەیما: نەخێر مام جەلال نا، باسی ئــەو نــەکرا، بــەس باســی ئــەوەیان کــرد کــە ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) گیراون.

بەڵام شەیما خان من لەم چەند ڕۆژەی پێشوودا کە سەردانم کــردی باست لــەوە کرد کە سەمیرو نەجلا وتوویانە تۆ دەبەینە لای مام جەلال.

شەیما: نەخێر، نەجلا خان بە منــی ووت ووتــی شــەیما مــن ئــەتوانم کێشــەکەی تــۆ چارەسەر بکەم، وە پێــی وتم دانیشــتنت لــە بەغدا زۆر ناخۆشــە وە بەغــداد زۆر خراپــە بەمەرجێك تۆ بێیتەوە من خۆم کێشــەکەت بۆ چارەسەر دەکەم، بەو مەرجەی کە بڵێــی ئەو قسانە هەمووی درۆیە وە پێی وتم مــام جەلالیش ئەتوانێت یارمەتیتان بدات.

: شــەیما خێزانەکــەی بــەڕێزت کــە چــاوپێکەوتنیان بــۆ ڕۆژنامــەی (ئــەمڕۆ) کردووە تەئکید لەوە کراوەتــەوە بــەتۆیان ووتوە شەیما تۆ دەبەینە لای مام جەلال؟

شەیما: نەجلا خــان باســی مــام جــەلالی نەکرد، بــەڵام وتــی مــام جــەلال دەتوانێت یارمەتیتان بدات بۆ ئەوەی کێشەکەتان زوو چارەسەر بکرێت.

: شەیما ئەو سێ کەسە بۆچــی هــاتن؟ مەبەستی ســەرەکی ســەردانەکەیان چــی بوو؟

شــەیما: نــازانم، بــۆ بەرژەوەنــدی خۆیــان هاتوون کە کێشەکەی قایمقامو کــاك شــکور زوو تەواو بێت، بەڵام کاك ئیرشاد کە لەگەڵ ئەوان هاتبوو من ئــەڵێم کــاك ئیرشــاد زۆر دڵسۆزی مــن بــوو، ئەوکاتــەی کــە مــن ئەمویست لەگەڵ نــەجلاو ســەمیر بێمــەوە، کاك ئیرشاد پێی گوتم شەیما خان بە قســەی نەجلا خان مەکە.

ە: کەواتە ئیرشاد پێی ووتی کە ئــەوان واتا نەجلاو سەمیر ڕاستت لەگەڵ ناکەن؟

شەیما: بەڵێ، بەڵێ، وە کاك ئیرشاد زۆری لێکردمو پێی وتم شەیما خان مەیــە چــونکە کێشــەکەی تــۆ بــە نــەجلاو ســەمیر تــەواو نابێت‌و کۆتایی نایەت، ئەم کێشەیە بە یاسا چارەســەر دەکرێــت، بــەڵام مــن ووتم کــاك ئیرشاد بەخوا هەر دێمەوە، بەڵام ئــەو هــەر زۆر تەئکیــدی دەکــردەوە کــە مــن نەچــم لەگەڵیان بەڵام من بە قســەی نــەجلا خــانو سەمیرم کرد.

: شەیما خان، نەجلاو ســەمیرو ئیرشــاد چۆن لە بەغدا ماڵی تۆیان دۆزیەوە، ئایــا پێشتر تۆیان دەناسی؟

شەیما: بەڵێ من دەمناسین.

: نەجلاو سەمیرو ئیرشاد کاریان چــییە لە دەربەندیخان؟

شەیما: ئەوان ماڵیان لە دەربەندیخانە، وە ســەمیر ئــیش ناکــات، هاوســەرەکەشــی لــە نفوسی دەربەندیخانە، ئیرشــادیش حیمایەیــە لە ئاسایش دەوام دەکات.

: شەیما (11و 30دەقیقە) تــۆ لەگــەڵ نــەجلاو ســەمیرو ئیرشــاد لــە بەغــداوە بەڕێکــەوتن ڕاســتەوخۆ هــاتن بــۆ دەربەندیخان، یان گەڕانەوە بەغداو دواتر بەرەو دەربەندیخان بەڕێکەوتن؟

شەیما: ئێمــە یەکســەر بــۆ دەربەنــدیخان بەڕێکەوتین.

: شەیما، تــۆ لــە یەکــەم لێــدوانت بــۆ ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) باست لەوە کردوە کــە تۆ تەحەرووشت پێکراوە لەلایەن بەرپرسانی دەربەندیخان، ئەکرێت مــن لێــت بپرســم چۆن بە بیرتدا هات کــە بگەڕێیتــەوە بــۆ دەربەندیخان کــە پێشــتر دەربەنــدیخانت بــەجێ هێشــت لەبــەر ئــەوەی تووشــی کێشەیان کردن لەوێ؟

شەیما: من زۆر بێزار بووم لە بەغدا.

: سەمیرو نەجلا بەتۆیان ووت ئەتبەینەوە دەربەندیخان؟

شەیما: بەڵێ ئەوان پێیان وتم ئەتبەینــەوە بۆ دەربەندیخان.

شەیما، پێیان نەوتی بۆچی ئەتبەینەوە بۆ دەربەندیخان؟.

شەیما: بەڵێ، کە نەجلا هات بۆ لای من کە منی بینی زۆر تووڕەو حەزم ئــەکرد هــەر لە ماڵەوە ڕابکــەم، پێــی ووتم شــەیما خــان خــۆم ئــەتوانم یارمــەتیت بــدەم ئەتبەمــەوە دەربەندیخان. بەڵام من پێم ووت نــەجلاخان من ناتوانم بێمەوە دەربەندیخان کێشــەم زۆرە لە دەربەنــدیخان وە کێشــەکەم زۆر گەورەیــە لەگەڵ قایمقامو شوکر کێشــەم هەیــە، بــەڵام پێی ووتم شەیما خان تۆ مەترســە مــن خــۆم کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکەم.

: شەیما، تۆ لەو باوەڕەدای کە بردنی تۆ بۆ دەربەندیخان فێڵ کردن بــووە لــە تــۆ بەناوی ئەوەی کە کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکەن پەشیمانت بکەنەوە بۆ ئەوەی دواتر لە ڕووی یاساییەوە تاوانبارت بکەن.

شەیما: بەڵێ مەبەست ئەوە بوو.

: شەیما، کە لــە بەغــداوە بەڕێکــەوتن کەی گەیشتنە دەربەندیخان.

شەیما: ئێوارە بــوو دەوری ســەعات (7و نیو) لەو دەورەدا بوو.

زادگە: کە گەیشتنە دەربەندیخان چویتە کوێ؟

شەیما: چــووم بــۆ مــاڵی نــەجلا چــونکە شوێنم نەبوو لە دەربەندیخان، کاك ئیرشادیش پێی گوتم شەیما خان من حەز دەکەم ئێســتا بتبەم بۆ کۆمیتەی ژنانو سەنتەر، بەڵام بەم شەوە ناتوانم منیش وتم نەجلا خان من ئــەم شەوە لای تۆ ئــەو شــەوە لــە مــاڵی نــەجلا بوومو بەیانیەکەی هاتم بۆ سەنتەر.

: لەماڵی نەجلا چییان پێ وتی؟

شەیما: نەجلا خــان زۆر لەگــەڵما قســەی کرد، وتی شەیما تــۆ لــەو قســانە پەشــیمان بەرەوە.

: لەوێ داوای هــیچ موقابەلەیــەکت لێ کرا، کە پەشیمان بیتــەوە، لــە قســەکانی پێشووت مەبەستم لێدوانیان لێ وەرگرتــی بە کامێرای ڤیدیۆ.

شەیما: بەڵێ موقابەلەیان کردم.

موقابەلەکەت بۆ ئەوە بوو کە تــۆ بڵێــی ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) قسەکانی ڕاست نیــەو من ئەو قسانەم نەکردووە؟.

شەیما: بەڵێ وایە.

زادگە: تۆ ئەو شەوەی لە دەربەنــدیخان بوویت هیچ یەکێك لەو بەرپرسانەت بینــی کە کێشەکەت هەبوو لەگەڵیان؟

شەیما: نەخێر کەسیانم نەبینی.

: تۆ ئەو شەوەی کــە لــە مــاڵی نــەجلا بووی بەیانیەکەی لەوێ مایتەوە یان بەرەو سلێمانی هاتن..

شــەیما: نــەخێر مــن نەمامــەوە لــە دەربەندیخان دوای تــەواوبوونی دەوامەکــەی نەجلا خان من هاتم بۆ سەنتەر.

: شەیما باس لەوە دەکرێت تۆ کــە لــە مــاڵی نــەجلا هاتیتــە دەرەوە بێیــت بــۆ سلێمانی واتا بۆ سەنتەر چــەکدارێکی زۆر لە دەوری ماڵی نەجلا بوون، ئەمە تا چەند ڕاستە ئەم چەکدارانە بۆچی لەوێ بوون؟.

شەیما: ئەوانە ئاسایش بوون.

زادگە: بۆ پارێزگــاری تــۆ ئەوانــەیان لەوێ دانابوو؟.

شەیما: بەڵێ بەڵام من بۆ خۆم لە باوکم ئەترسام بێیتەوە بۆ دەربەندیخان.

پێت وایە هۆکاری تر هەبووە لە دانــانی ئەو چەکدارانە لە دەوری ماڵی نەجلا کــە تۆ لەوێ بوویت.

شەیما: نازانم ئەوان ڕەنگە ئیشی خۆیــان هەبوویێت.

زادگە: تۆ لەگەڵ کــێ هــاتی‌و بــە چ سەیارەیەك هاتیت؟

شەیما: من لەگەڵ کــاك چــەتۆ هــاتم بــۆ سەنتەر.

زادگە: پاش ئەوەی لــە بانگەوازێکــدا ڕۆژنامــەی (ئــەمڕۆ) بانگــەوازێکی بڵاوکــردەوە کــە شــەیما لەلایــەن بەرپرسەکانی دەربەندیخانەوە لــە بەغــدا ڕفێنراوەو پاشان (زادگە) ڕۆژی پاشتر بــە مانشێت ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە، شــەیما ڕاگەیانــدنێکی لــە کوردســتان نێتــدا بڵاوکردەوەو دەڵێ من بۆ خۆم هاتووم بۆ سەنتەری ڕاگەیاندنی ژینان، ئایا دەکرێ چــۆنیەتی هــاتنی شــەیمامان بــۆ ڕوون بکەیتەوە.

ڕوونــاك فــەرەج: دیــارە شــەیما کــە هەواڵەکەی بڵاوبۆوە ئیتر دوو بەدواداچوونمان کرد بەدواداچــوونی دووەممان لــەناو دەزگــا بەرپرسەکاندا بوو، شەوی سێشەممە لەسـەر چوارشەممە بوو هانا دەوری سەعات 9 بــوو تەلەفۆنی کردو وتی کاك چەتۆ کە بەرپرسی شورتەیە ئەڵێ شەیما لە دەربەندیخانە بەیانی ئەیهێنم بۆ ســەنتەر، مــن هــیچ بڕیــارێکم نەدا، پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ ئەکا، بۆ کاك چەتۆ ئەگەر دڵنیابوایە لــە شــوێنێکی تر بوایە بۆ لای ئێمەیان نە ئــەهێنا، بــەڵام کاك چەتۆ ئێمە پێشتر بــەهۆی ئــەوەی کــە بەدواداچوون بۆ کوشتنەکانی ژنان دەکــەین یەعنی هەر بە تەنها هــەواڵی کوشتن بــڵاو ناکەینــەوەو وازی لێبێــنین هــەتا ئێســتا مەلەفی کوشتنی 18 ژنمان هەواڵداوەتــەوە کە ئــەوە هــەموو دەزانــن بــەهۆی ئــەوەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ هــەموو دەزگاکانی پۆلیس هەیە هەتا کە هەواڵەکە لــە (ئــەمڕۆ) بڵاوکرایــەوە وتم هانــا ئــەم کێشەیە هەیە چی بکــەین بــۆ نــەمانزانیوە ووتی ئەزانی ڕووناك خان کاك چەتۆ ئێستا لە دەربەندیخانــە ووتم هــەر زۆر باشــە ئــەو هەرچی بێت پێمان ئەڵێ پەیوەندی بــەوەوە بکە یەعنی بۆ ئەوە ئەمەیە هەموو شتەکان کە کاك چــەتۆ تەلەفۆنەکــەی کردبــوو ئــەو شەوە ووتم هانا بیوەستێنە من ناتوانم ئــاوا وەریبگرم لەبەر ئەوەی کێشەکە زۆر ئــاڵۆزە با تەلەفۆن بۆ ڕووناك خان بکــەن، تەلــەفۆنم کرد بۆ ڕووناك خان ووتی بیوەستێنە، جاریَ بە کاك چەتۆ بڵێی جاریَ بــا بــەیانی بــزانین بڕیاری چی ئەدەین بەیانی لە سەیارەکەیان بووم تەلەفۆنیان بــۆ کردمــەوە کــاك چــەتۆ ووتی من چی لەو کچە بکــەم نــەجلا شــەو تەلــەفۆنی بــۆ کــردووم وە چــووم کچــەکەم بینیووە هەر هێنامانو بردمــان لــە بــەینی من و هانایا زیاتر بڕیارەکان لای ئێمە بــوو ڕونــاك خــان خســتبویە دەســتی ئێمــەوە ئــەهاتو ئەچوو، ئیتر خــۆم تــاك لایەنــە هێشتا پەیوەنــدیم نــەکردبووەو بــە ڕووناك خانەوە وتم باشە هەر بــۆ ئــەوەی نــەیهێنن ووتم بڵێ ســەیارەمان لێــرە نییــە بێــت بــە شوێنیا.

کاك چــەتۆ ووتــی باشــە خــۆم ئــەیهێنم بەینی (2.30ـ 3) چەتۆو نــەجلاو دوانــی تری لەگەڵ بوون من نەم ناسین من ئەحلامم ئەو ڕۆژە ناسی هێنایان بۆ سەنتەر کە هاتن من ڕاستەوخۆ بە کچەکەم ووت ووتی مــن کــوردی نــازانم ووتم وەرە نامەیــەکم بــۆ بنووسێ کــە تــۆ هێنراویت بــۆ ســەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان ئێستا نامەکە لە ئەرشیفی سەنتەرا هەیە ووتی باشە ئیتر ئــەو چووە دەرەوەو.. وتم کــاك چــەتۆ دڵنیــابم ئەمــە کێشەی بەدواوەنییە ووتی دڵنیابە، دوایــی کــە چووە دەرەوە وتم باشــە شــەیما تــۆ بــە فیعلی ئەو بەرپرسانە وایان لێکردویت ووتی نەخێر وتم یەعنی ئەو هەواڵەی لە ئــەمڕۆدا بڵاوکرابــۆوە، درۆیــە، وتــی ئــەمڕۆ درۆی نــەکردوو مــن وەکــو خــۆی ئــەو قســانەم کردووە، بەڵام باوکم بــەزۆر پێــی کــردووم، منــیش یەکســەر تەلــەفۆنێکم کــرد ئــەو ئێوارەیــە ئــیتر ناردمــان بــۆ یــەکێك لــە خانــەکان بــۆ بەیانیەکــەی دەوری ســەعات 10.30 کاك کاروانی چاپخانە بــە هانــای وتبوو کە شــتێکی وا لــە کوردســتان نێــت بڵاوکراوەتــەوە کــە شــەیما ڕفێنــراوە ئــەمڕۆ ڕۆژنامەکەیان لە چاپخانەیە. قسەی لەســەر دەکەن منیش یەکسەر ووتم دە ئــەمڕۆم بــۆ بدۆزنەوە، من ڕۆژی شەممە بوو قسەم لەگەڵ کاك فریــاد هیرانــی کــرد ووتم کــاك فریــاد ئــەڵێن ڕۆژنامــەکــەتان دەرئەچــێت شــتێکی وای لەســەرە ئــەو کچــە نــەڕفێنراوە لای ئێمەیە وتی نەخێر ڕووناك خان ووتم باشــتر وایە بەو هەواڵەدا بڕۆنەوە، ووتی ڕوناك خان ئێمــە خۆمــان مــەعلوماتمان هەیــە بــڵاوی دەکەینەوە، ئەتوانن دوای قسەی خۆتانتــان هەبێت، ووتم باشە ئەکرێت سەرنوســەرەکەم بدەیتێ ڕەقەمی کاك فەرهادو دامــێ ئــەوە بۆیە بە وردی بــۆت دەگێڕمــەوە، تەلــەفۆنم کرد بۆ کاك فــەرهاد ووتــی ڕوونــاك خــان ئێســتا وا لــە چــاپخانەم، ئــەکرێ بــە ڕۆژنامەکــەوە بــێمو ســەعات 12 بگەمــە ئەوێ ئیتر ئەوە بوو کاك فەرهاد هات، من شەیماشم لە تەنیشتەوەدا بوو ئــەوەشمان بــە تــەصــویری ڤیــدیۆیی هەیــە، یەکســەر کامێراکەم بۆ داناو وتم کاك فــەرهاد شــەیما ئەڵێ ئەو شتانەی لــە (ئەمڕۆ)دا وتوومــە هەمووی بەزۆری باوکم بووە، بــەڵام ئــەمڕۆ دروستی نەکردووە ووتــی وا نییــە ڕووناك خان وتم ئــاخر ئــەوە خۆیــەتی لەبــەردەمتا یەکسەر وتم شەیما تــۆ نــەتوت تــۆ بــەزۆری بــاوکم ئــیتر دیــاربوو کــاك فــەرهاد زۆر بێتاقەت بوو ووتی شەیما ئــەو ڕۆژەی ئێمــە هاتین باوکت لەماڵ بوو وتی نــەخێر ووتــی ئەی چۆن ئەڵێی بەزۆری باوکم بــووە لــەویا شەیما دەستی کرد بە گریان.

روناك فەرەج / سەرنووسەری ڕێبوان

منیش ووتم شــەیما ئــەوە چی‌یە ووتــی وەڵڵا ئەو شتانە بووە ئیتر ئەوە بۆ مــن زۆر ئیحراجی بوو کــە ووتــی بــووە بــڕوات بــێ تووشی مەوقیفی بووم ووتم یەعنی چی بووە تۆ ئاوا بە من ئــەڵێی ئــا لێرەیــا یەکســەر ترسام خۆت ئــەزانی خــەڵکی ئێمــە چــەند پێش وەخت قــەرار ئــەیات ووتم وە کەواتــە فڕاندنەکەش ڕاستە وتی نا (فڕاندنە کــە بــە خواستی خۆم بووە) بە هــەر حــاڵ وتم کــاك فەرهاد حــەز ئەکــەی تــۆ ئــەم کچــە بــەرە چونکە تۆ ڕوت کردۆتە مــن ئــەڵێی لــەژێر فشاردا وای لێهــاتووە مــن ئــەم کچــەم بــۆ هاتووە نازانم لە پشتییەوە چی هەبووە.

زادگە: باسی ئەوەت کــە کــاك چــەتۆ ووتی ئەم کچــە لــە دەربەندیخانــە ئــەی باسی ئەوەی نەکرد ئــەم کچــەی چــۆن ناسیوە، چی ڕوویداوە؟

ڕووناك فەرەج: وتم کاك چەتۆ تــۆ چــۆن ئەم کچەت هێنا ووتی ئــەوە نــەجلا خــۆی دانیشتووە، شەو تەلەفۆنی بۆ کردووم وتــی ئێمە سەردانی خزمــان کــردووە لــە بەغــدا شــەیما وتویــەتی بمبەنــەوە بــۆ کوردســتان هێناویانەتەوە شەوێ نــەجلا تەلــەفۆنی بــۆ کاك چەتۆ کردووە، کاك چــەتۆش وتویــەتی هیچ شوێنێکم نییە ئــەوە نــەبێ بیگەیەنمــە سەنتەر.

زادگە: ئێوە نازانن ئەو چــەند ڕۆژە لــە دەربەندیخان چی ڕوویداوە؟

ڕوونـــاك فـــەرەج: بـــا ئێســـتا لـــە ڕۆژنامەکــەمان بڵاومــان کردۆتــەوە، چــۆن ڕۆژنامە تیایەتی، من پێشت ئەڵێم ئاوایــە ئیتر کاك فەرهاد ووتی نا تۆ ئەیدەتە دەست من تۆ ڕێکخراوی ژنانیت خۆت قەناعــەتی پێ بکە لەژێر فشارا فڕێنراوەو قسە ناکــات چۆن ئەمەیانی ووت ئەمەش ئەڵێت بە هەر حاڵ ئیتر شەیما مایەوە.

زادگە: ئێوە لە ســەنتەری ڕاگەیانــدنی ژنان بانگەوازێکتان بــڵاو کردبــۆوە کــە گوایە ئەم کچە خۆی هــاتووە لەلایــەکی ترەوە تۆ باس لــەوە دەکــەیت لەڕێگــەی کــاك چــەتۆوە هــاتووە کــە دۆســتێکی سەنتەرە هەســتناکەیت ئەمــە تناقضیکی **تیایە؟**

ڕووناك فەرەج: نەخێر ئێمە ناڵێین خــۆی هاتوو خۆی دەڵێت من بــە خواســتی خــۆم هاتووم بۆ سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنان.

زادگە: بەڵام ئەو سەنتەری ڕاگەیاندنی نەزانیووە؟

ڕووناك فەرەج: نەیزانیوە بەڵێ.

زادگە: کە نەیزانیوە چۆن هــاتووە بــۆ نەچــووە بــۆ جێگەیــەکی‌تر بەتایبــەتی یەکێتی ژنان کە لە کێشەکە ئاگادار بووە.

ڕووناك فەرەج: ڕاستە کەی وایــە، مــن پێت ئــەڵێم بــە تــەنها هــاتنی بــۆ ســەنتەر لەڕێگەی کــاك چــەتۆوە بــەدەر لــەوە هــیچ شتێکی تر نەبووە ئێمە لە بانگەوازەکەشــدا نووسیومانە دەڵێ کێ دەیەوێ چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکات من خۆم هاتووم بۆ ســەنتەر، کاك چەتۆ پێــی ووتــووە ســەنتەرێك هەیــە بیبەین بــۆ ئــەوێ وتویــەتی بمبــەن یــەعنی ئەتوانن لێی بپرسن بڕیار بڕیاری خۆیانە.

: پێت وایە ئەمە جۆرێــك لــە ڕفانــدنی تیایە یان ڕفاندنی ناڕاستەخۆیە؟

ڕوونــاك فــەرەج: من دەڵــێم ناڕاســتەوخۆ چونکە نەجلاو سەمیر پێیان ووتووە ئەگــەر تۆ بێیتەوە ئەم وەزعی لەگەڵ باوکی خــراپ بووە تەبعەن خوا خوای بووە ڕزگاری بێــت ئەو ڕۆژەی کــە نــەجلاو ســەمیرەو ئیرشــاد چوون بۆ ئــەوێ ئــەو لەحزەیــە زۆر گریــاوە کێشەیان هەبووە وتویەتی باش بوو هــاتن، ئیتر بەردەوام نەجلا پێی ووتووە ئەگــەر تــۆ بێیتــەوە پــەشیمان بیتــەوە ئــەتوانی لــە کوردستان بژیت، ئەم کچەش خوا خوایــەتی بێتەوە کەواتە ئەم بە ناڕاستەوخۆ فشارێك بووە بۆ سەر دەروونی ئەو کچە.

: ناوی بەڕێز مامە جەلال لەم کێشەیەدا هاتووە کە ئەوان پێیان ووتووە کە ستافی ئەمڕۆ گیراوە دەتبەین بۆ لای مام جەلال کێشەکەت بۆ چارەسەر بکات؟

ڕوونــاك فــەرەج: مــن لــەو ڕۆژەوە موناقەشــەی دەکــەم ئــەڵێ شــتی وام پێنەوتراوە بەس ئەوەندەم پێ وتراوە کە تــۆ بێیتەوە یەك تازە ناتوانن ئێوە لە کوردستان بژین.

باشە ڕوناك خــان ئــەم کچــە لــەتاو قەزێیەك ڕای کــردووە لــە دەربەنــدیخان باشە ناکرێت ئەم کچە کە لەدەســت ئــەو خەڵکانەی دەربەندیخان ڕایکردووە ئــیتر جارێکی‌تر چۆن خۆی دەیەوێت بچێتەوە هەست ناکەیت فێڵێك‌و پلانێك لــە پشــتی ئەمەوە هەیە؟

ڕووناك فەرەج: بە ناڕاستەوخۆ تەئسیر لەسەر دەروونی ئەو کچە کراوە پێی وتراوە ئەگەر بێتوو پەشیمان بیتەوە هیچ بەدووری مەزانە وتبێتیان شوێنی حەوانەوەتان ئەبێت واتان بۆ ئەکەین واتان بۆ ئەکەین، ئــەویش خواخوایەتی لەو دۆزەخە ڕزگــاری بێــت لــە بەرامبــەر ئــەوەی بگەڕێتــەوە کۆمــەڵێك بەڵێنی پێدرابوو ئەوەی کە ژیانی سەلامەت ئەبێت خوشكو برای بە ســەلامەتی ئــەژین ئەمانە بۆ ئەو کچە حەتمەن بەڵێن بوون.

: باشە هەندێك خەڵك‌و لە نێویشیاندا یەکێتی ژنان پێی وایە کە ئەمــە کێشــەیە کێشــەیەکی کۆنــەو لــە ڕابــردوودا چارەســەرکراوە ڕۆژنامــەی ئــەمڕۆ ئــەم کێشەیەی زیندووکردۆتەوە بەدەر لەمــەش شەیماو ڕاگەیاندنی ژنان خــەڵکێکی تــر هەبێت کە لە پشت ئەم کێشەیەوە ئایا ئێوە دەڵێن چی؟

ڕوونــاك فــەرەج: مــن ئــەو شــێوازە کارکردنەی یەکێتی ژنانم زۆر پێ جوان بــوو چــونکە بــەپێی قســەکانی شــەیما لــەدوای ئــەوەی یــەکێتی ژنــان لــەڕێی شەخصــی مەســەلەکەوە کێشــەکەی چارەســەرکردوون فشاری بەرپرسانیان لەسەر سووك بووە بەڵام لەڕووی فشاری کۆمەڵایەتیەوە نا.

* * *

ڕۆژنامەکان ڕۆڵی سلبی‌یان بینیــوە بــە تایبــەتی (ئــەمڕۆ) چــی ئــەڵێی لــەم بارەیەوە؟

فریاد هیرانی: بەپێچــەوانەوە (ئــەمڕۆ) ڕۆڵێکی ئیجابی بینیوەو بۆتــە مینبــەر بــۆ هەموو ئەو تاکانــای نێــو کۆمــەڵگا کەلــە پشتی جۆرەها پەردەو بڕو بیانوو غــەدریان لێ دەکرێــتو دەچەوســێنرێتەوە، بــەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیــە کــە هەنــدێ گــیرو گرفتو بابەت لــە (ئــەمڕۆ) بڵاودەکرێتــەوە دوور لــەکاری ڕۆژنامەگــەری تەقلیــدی‌و کلاســیکی کەخوێنــەر لــەم جــۆرە ڕۆژنامەگەرییــە ڕانــەهاتووە ئــەگینا ئــەو بابــەتو کێشــانەی کــە (ئــەمڕۆ) بــڵاوی دەکاتەوە لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیــا کارێکی ئاسایی‌و یاساییە وەکو دەسەڵاتی چــوارەم کــە کــەمو کــورِی هەرســێ دەســەڵاتەکەی تــر دەرئەخــا لــەپێناو چاکسازیدا لەگەڵ ئەمەش دا بــەڵێ ڕەنگــە ڕۆژنامــە هــەبێ ڕۆڵــی سلبی بگێــڕێ بەهــــەواڵێکی نادروســــتو ناتــــەواو ئشتیباهێکی گــەورەی کۆمەڵایــەتی یــان سیاسی یان ئابوری لێ بکەوێتەوە من پــێم وایە کاتێ ڕۆژنامەنوس هەواڵ یان بابــەتێك دەنوســــێ‌و دادەڕێژێتــــەوە دەبــــێ زۆر مەسئولانە مامەڵــە بکــاو بنوســێ چــونکە کاری ڕۆژنامەگەری وەکو ئەوە وایە کەیاری لەگەڵ ئاگردا بکەیت, ئەگەر نەزانانــە ئــەم گەمەیســە بکــەیت ئــەوا خــۆت پــێ‌ی دەســوتێ‌ی‌و ڕەنگــە خــەڵکی تــریش بسوتێنێ.. بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا ئێمــە لە (ئەمڕۆ) دا بڵاومان کردۆتەوە بــە هــیچ شێوەیەك نەبۆتە مایــەی شــکاندنی خــەڵك یــان دوور لەڕاســتی تۆمــەت هەڵبەســتن بۆخەڵك, بەڵام ڕەنگە هەندێ جار وروژاندنی هەندێ حەقیقەت تاڵ بێ!

: شەیما ئەڵێ من نەڕفێنراوم ئێوە چــی ئەڵێن؟

فریاد هیرانی: بەڵام هەموو ئەندامانی خێزانەکەی ئەڵێت بە فێڵ (شەیما) یان بردو دوای چەند شەوێك بیستمان هێناویانــە بــۆ سەنتەری ڕوناکبیری‌و ڕاگەیاندنی ژنان, ئیتر من قسەناکەم ئێوە خۆتان حکوم بدەن؟



فریاد هیرانی

خاوەن ئیمتیازی "ئەمڕۆ"

: یەکێتی ژنانی کوردستان پێ‌یان وایە کێشەکە کۆتایی هاتووە؟

فریــاد هیرانــی: پــێش هــەموو شــتێ حەزدەکەم ئاماژە بەوە بــدەم کــە (ی.ژ.ك) پــێش (ئــەمڕۆ) وەپــێش هــەموو لایــەك ئاگاداری گیروگرفتی ئەم خێزانە بوونــە, وە زۆر بەرگرییان لێ کردووەو ئــەوان بوونەتــە مایەی ئەوەی کەسنورێك بۆ غــەدر لێکــردن دابنــرێ, هــەروەها بــەردەوام موتابەعــەیان کردوون, بەڵام بڵێین ئــەم کێشــەیە کۆتــایی هاتووە نەخێر کۆتایی نەهاتووە ئەم کێشەیە پەیوەنــدی بــە پــەروەردەی ژینگــەی کۆمەڵایەتی کوردەواری هەیە ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر پەیوەندی بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە کەئەمەیان زۆر کاریگەرترە, هەر دەسەڵاتدارێك بیەوێت کورسیەکەی خــراپ بــەکاربێنێ ئــەوا گــەورەترین کارەســاتی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لێ دەکەوێتەوە بۆیــە بــەرای مــن بــەکارهێنانی دەســەڵاتێکی دیموکراتیانــەو پێشــکەوتوخوازانە بــەهیچ شێوەیەك گیروگرفتو کێشەی بۆ دروســت نــابێ, مەگــەر لەلایــەن دوژمنــانی دیموکراسی‌و ئازادییەوە کۆســپو کێشــەی بۆدروست بکرێ لەم حاڵەتەش خەڵك دەبنــە پشتیوانی دەسەڵات دژ بە دوژمنانی ئازادی حەزدەکەم ئەوەش بڵێم لەو کاتــەدا ئــازادی تــۆ کۆتــایی دێ کــەئازادی مــن پێشــێل بکــەیت, ئەمــە مەبــدەئێکی ســەرەکی‌و بنچینەیی دیموکراتیەتە لەو کاتەدا ئــازادی پیاو کۆتایی دێ کەویستی ئــازادی ژنێــك پێشێل بکا یان بە نەفەسێکی دواکەوتوانــە کۆمەڵگای لێ هان بــدا بــۆ ئــەوەی ژنەکــە ئاڵای سپی بۆ پیاو بەرزبکاتەوە!! ئەمە لــە کاتێکدا ژنو پیاو هــەردوکیان وەکــو یــەك یەکسانن کەچۆن پەیوەندییەکانیان دروســت دەکەن یان ڕێك دەخــەنو ئــارەزوو مەندانــە مامەڵە دەکەن.

: (زادگە) ش هاتە نێو ئــەم کێشــەیە, پێت وایــە ئەمــە لــەبواری ڕۆژنامەنوســیدا شتێکی ئاسایی بێ؟

فریاد هیرانی: شــتێکی زۆر ئــاسایی‌یە وەك ڕۆژنامەیــــەك هــــەقی خۆیــــەتی بەدواداچوونو هەواڵ‌و زانیاری لەســەر هــەر کێشــــەیەك بڵاوبکاتــــەوە هــــیچ بابــــەت‌و کێشەیەك لەســەر (ئــەمڕۆ) تــاپۆ نــەکراوە تاکو ئێستا چــەندین کــەناڵ‌و ڕێکخــراویش هاتوونەتە نێو کێشەکە بــەڵام هەریەکــەیان بەئاراستەیەکی تایبەتی خۆی ئێمــە وەکــو (ئەمڕۆ) کەناڵێکی ئەهلی ئازادین مەبەستم ئێمــە ڕێکخراوێکــی پیشــەیی نــین تــا هاوپیشەکانمان بگرینەخۆ, پێشبینی دەکــەم ڕێکخراوەکانی ژنان لەئەنجامدا (بەشی شیر) یـــــان بەرکـــــەوێ لەچارەســـــەرکردنو بەئەنجامگەیاندێکی باش بــۆ کێشــەی ئــەم خێزانــە لەوانــەش (ســەنتەری ڕونــاکبیری‌و ڕاگەیانــدنی ژنــان)و (یەکیــەتی ژنــانی کوردســتان) وەئێمــەش دەستخۆشــیان لێ دەکــەین‌و هاوکاریــان دەبــین لەهــەموو کێشەیەك کە پێویســتی بــەهاوکاری ئێمــە هەبێ.

ئەی شکایەتەکەتان چی بەسەر هات؟

فریاد هیرانی: بەڕێزان مامۆستا نــەجمو کاك شوکر شــکایەتیان لــە کــاك (فــەرهاد مەلا حسن) سەرنوسەری (ئەمڕۆ) کــردووە, کاك فەرهادیش چۆتە بەردەم دادوەرو یاسا, وەڵامی خۆی داوەتەوە, ئەمەش پرۆسەیەکی یاسایی‌یە نامەوێ لەسەری بدوێم.

سازدانی : ئاسۆ